Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Languages and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-31

# کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی لەسەر لێهاتووی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون

## ( توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

سوارە فایق حمەأمین، نازەنین عوسمان محمد

بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆ سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **August, 2025** |
| Accepted | **September, 2025** |
| Published: | |

**Keywords**

**ڕینمایی، ڕێنمایی خێزانی، لێهاتووی باوکایەتی و دایکایەتی، چەمکی زەحمەتییەکانی فێربوون.**

**Corresponding Author**

Swarafayaq9@gmail.com
nazaneen.mohammed@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانییە لەسەر لێهاتووی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون. سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2024_2025)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە باوکان و دایکانی ئەو قوتابیانەی، کە تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوونن لە قوناغەکانی خوێندنی (4-5-6)، کە پێکهاتبوون لە (15) باوکودایک. نموونەی توێژینەوەکە بەمەبەست هەڵبژێردرا، بە پێی دیزاینی نیمچەئەزموونی بەکارهێنراوە. بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، توێژر پێوەری لێهاتووی باوکایەتی و دایکایەتی ئامادەکردووە، کەکە پێکهاتووە لە (72) برگە، کە دابەشبووە بەسەر حەوت بواردا، کە بریتین لە (بواری پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ، تواناکانی دایک و باوک لە بەڕێوەبردنی ڕەفتار و دانانی یاسا و ڕێسا و سنوور، بواری توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، بواری کارلێکی کۆمەڵایەتی، بواری ڕێنمایی پەروەردەیی، بواری لێهاتووی چاودێری سۆزداری و دەروونی، بواری جیاوازی و هاوپەیمانی). پاشان دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بریتیبوو لە (87٪) و جێگیریی بۆ پێوەرەکە بە هاوکێشەی ئەلفا کرۆن باخ دەرهێنرا، کە بریتیبوو لە (0.86). توێژەر بەرنامەیەکی ڕێنمایی خێزانیی پشتبەست بە تیۆری بونیادی مینۆشین ئامادەکرد. ئەو ئامرازە ئاماریانەی بۆشیکاری داتاکان لە توێژینەوەکەدا بەکاریهێنا، بۆزانینی کاریگەری بەرنامەکە تاقیکردنەوەی ڕیزبەندیی ویلکۆکسۆن (Wilcoxon Signed-Rank)بوو. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی کاریگەریی ئەرێنی هەیە لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون. توێژەر لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاری پێشکەشکردوە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

لە سەردەمی ئێستادا، منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون و خێزانەکانیان پێکەوە ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەسەندنی منداڵ و خێزانەکە دادەنێت. باوکان و دایکانی ئەم منداڵانە زۆرجار هەست بە دەستەپاچەیی و نەزانین دەکەن لە چۆنێتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکانی منداڵەکانیان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتیان (أبوسعد، 2018: 45).

کاتێک ئەو منداڵانە کە تووشی زەحمەتییەکانی فێربوون دەبن، دایکوباوکان ڕووبەڕووی کێشەی هەستی و دەروونی قووڵ دەبنەوە. زۆربەیان هەستی گوناه و شەرمەزاری ئەزموون دەکەن، هەروەها هەستی نیگەرانی سەبارەت بە داهاتووی منداڵەکانیان. هەندێک جار دایکان و باوکان هەست بە بێهێزی و بێئومێدی دەکەن، کاتێک کە هەوڵە زۆرەکانیان بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانیان ئەنجامی دڵخوازی ئەوانی نابێت، هەروەها ڕووبەڕووی سیستەمی پەروەردەیی دەبنەوە، کە زۆر جار بە تەواوی تێناگات و پشتگیریی پێویست پێشکەش ناکات، بۆیە دەبێت بەردەوام وەک پارێزەری منداڵەکانیان کار بکەن و داکۆکی لە مافەکانیان بکەن (Hartley et al., 2015:18).

سەرباری ئەو کێشانەی باسکران، باوکان ودایکان لەگەڵ منداڵەکانیان کێشەیان بۆ دروستدەبێت، بە هۆی سەرکێشی و تورەیی منداڵەکانیان، کاتێک کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، وەک ئەنجامنەدانی ئەرکەکان و ملکەچ نەبوون بۆ ڕێنماییەکان، زۆربەیان هەستدەکەن منداڵەکانیان خۆیان دوورەپەرێز دەگرن و ناتوانن پەیوەندیی باش لەگەڵ هاورێ و کەسانی دەوروبەریان دروستبکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی نیگەرانی و دڵتەنگی بۆ داهاتووی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی منداڵەکانیان.

بەڕای ئابین و ئەوانی تر، ئەو خێزانانەی کە منداڵی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە (Abín et al., 2024, 78-82 ) لە پەروەردەکردن و ڕێنماییکردنی منداڵەکانیاندا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبنەوە. یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکان باشترکردنی شێوازەکانی پەیوەندیکردنە لەگەڵ منداڵ و دابینکردنی ژینگەیەکی پەروەردەیی پاڵپشتە. نەزانینی چۆنێتیی مامەڵەکردنی خێزانەکان لەگەڵ منداڵەکانیان، کە زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە، هۆکار و پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوەیەی لەسەر ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕێنماییکردنی خێزانەوە لێهاتووی (باوکایەتی و دایکایەتی) لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون باشتر بکرێت. لە ڕێگای ئەم بەرنامەیەوە کار لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتووی و باوکان و دایکانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربون بکرێت.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم پرسیارەدا دەبینێتەوە:

1) ئایا بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی کاریگەری هەیە لەسەر لێهاتووی (باوکایەتی و دایکایەتی) لای باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون؟

## گرنگیی توێژینەوەکە:

ڕێنمایی خێزانی کە لقێکی سەرەکیی زانستی دەروونناسییە و ئامانجی یارمەتیدانی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی ئاسودەیی دەروونی و جەستەیی و گونجانی باش لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، ڕۆڵی خۆی لە باشترکردنی پەیوەندیی خێزانی و کەمکردنەوەی کێشە دەروونی و سۆزدارییەکاندا دەبینێت (محمد،2011: 7) (ئیبراهیم،2012: 12). ئەو خێزانەی منداڵی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوونی هەیە، کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ژیانی خێزانەکە دەکات و دایک و باوک پێویستیان بە ڕێنمایی و ڕاهێنان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵەی گونجاو لەگەڵ منداڵە خاوەن پێداویستیی تایبەتەکەیان بکەن (شاولی، 2004: 13)، جا لەبەر ئەوەی تیۆری بونیادی خێزانی سالڤادۆر مینۆشین (Salvador Minuchin) سەرنج دەخاتە سەر بونیادی خێزان و پەیوەندییەکان لە ناو سیستەمی خێزاندا، بەو بڕوایەی کە کێشەکانی تاک پەیوەندییان بە بونیادی خێزانەوە هەیە (Minuchin, 1974,. 45)، ئەم تیۆرە دەتوانێت، هاوکاری خێزانەکان بکات بۆ قبوڵکردنی حاڵەتی منداڵەکانیان و فێربوونی مامەڵەی تەندروست لەگەڵیان، چونکە بڕوای وایە، زۆربەی نیشانەی شڵەژانەکان دەگەڕێنەوە بۆ شکستی بونیادی ناو سیستمی خێزانی و پێویستی بە گۆڕانکاری لە بونیادی خێزانەکاندا هەیە (Minuchin, 1976,. 85)، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین گرنگیی تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک لە خوارەوە بخەینەڕوو:

## گرنگیی تیۆری:

1)گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمجارە بەرنامەیەکی ڕێنمایی لەسەر بنەمای تیۆری بونیادی مینۆشین بۆ لێهاتویەکانی دایکایەتی و باوکایەتی دروستدەکرێت ، چونکە تا ئێستا (بەپێی زانیاری توێژەر) لە زانکۆکانی کوردستاندا توێژینەوەی لەسەر ئەنجامنەدراوە.

2)لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەدا باسێکی تێروپڕ لەسەر تیۆری مینۆشین و ئامانج و چەمکەکانی پێشکەشدەکرێت، بەوەش زانیاریی نوێ دەبەخشێتە کتێبخانەی زانکۆ.

3)گرنگیی توێژینەوەکە خۆی لە گرنگیی نموونەی توێژینەوەکەوە وەردەگرێت، کە ئەوانیش دایکان و باوکانی ئەو منداڵانەن، کە زەحمەتیی فێربونیان هەیە، کە ئەمانەش توێژێکی کۆمەڵگان، کە زۆر کەم لایان لێ کراوەتەوە و گرنگیپێنەدراوە.

## گرنگیی پراکتیکی:

1) ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بۆ پسپۆرانی پەروەردەی تایبەت و ئەو مامۆستا و ڕاهێنەرانەی لە سەنتەرەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت کاردەکەن گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانن، سوود لەو پرۆگرامی ڕێنمایی وەربگرن، کە لەم توێژینەوەیەدا دروستدەکرێت بۆ دایك و باوکانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون بەکاریبهێنن.

2) چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە هۆشیاری باوکان و دایکان لە پێویستی و سروشتی حاڵەتی منداڵەکەیان زیاد دەکات.

3) ڕێنماییکردنی باوکان و دایکان هاوکاریکردنیان بۆ گۆڕینی تێڕوانینە نەرێنیەکانیان سەبارەت بە منداڵەکانیان کە تووشبوی زەحمەتییەکانی فێربوونن.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

1) زانینی کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی پشتبەست بە تیۆری بونیادی (مینۆشین) لە سەر لێهاتووی (باوکایەتی و دایکایەتی) لای باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون.

2) ئامادەکردنی پێوانەکاری لێهاتوی (باوکایەتی و دایکایەتی) بە مەبەستی ناسینی کاریگەریی بەرنامە جێبەجێکراوەکە لەسەر دایك و باوکی منداڵانی تووش بوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون.

3) ئامادەکردنی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی پشتبەست بە تێوری بونیادی (مینۆشین) لە سەر لێهاتووی (باوکایەتی و دایکایەتی) لای باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

1) نەبوونی جیاوازیی ئامارییەکی ئاماژەبۆکراوی ئاماری لە ئاستی ئاماژەی (0.05) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەکانی پێوانەکردنی پێشینە و پاشینەی گرووپی ئەزموونی نموونەی توێژینەوەکە لە لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی.

## سنووری توێژینەوەکە :

سنووری مرۆیی: دایک و باوکی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون.

سنووری کات: ساڵی خوێندنی (2024_2025).

سنووری جوگرافی: قوتابخانە بنەڕەتیەکان سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە سەنتەری شاری سلێمانی.

سنووری بابەت: کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی لەسەر لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون.

## پێناسەی چەمکەکان:

**یەکەم/ چەمکی ڕێنمایی:** پێناسەی (محمد، 2011): ڕێنمایی لە چاوپێکەوتنی دوو کەس پێکدێت بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی کێشەیەک، ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەشدەکرێت، لە سەر پەیوەندیی کارلێککردن وەستاوە و ئامانجی زاڵبوونە بەسەر کێشەکاندا، کە ڕێنماییکراوەکە تووشی بووە، تا بگاتە ئاستی خۆگونجاندن (محمد، 2011: 18).

**دووەم/ ڕێنمایی خێزانی:** پێناسەی (ئالانی ،2017) ڕێنمایی خێزان بریتییە لە یارمەتیدانی کەسەکە (واتا ئەندامانی خێزان) لە بەدەستهێنانی ئاسودەیی و ئارامی و گونجاندنی خێزانی و چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی هۆکارەکانی ژیانی خێزانی ڕاست و دروست و بنەما کردارییەکانی گەشەپێدانی ڕۆڵەکان و هۆکارەکانی پەروەردەکردنیان و چاودێری کردنی گەشەکردنەکەیانە و یارمەتیدانیان لەچارەسەرکردنی کێشەکانیاندا (ئالانی،2017: 260).

**سێیەم/ بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی:** پێناسەی (أحمد زيادة،2009) بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکیی پلانبۆداڕێژراو و یەکلەدوایەک و یەکگرتوو و بەیەکەوە گرێدراون، کە لە ماوەی دیاریکراودا پێشکەشدەکرێن و کاردەکەن بۆ گەیشتن بەئامانجی گشتیی بەرنامەکە (خليل،2021:728).

**چوارەم/ لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی:** پێناسەی (Wise & Silva, 2007) بریتییە لە توانا و شارەزایی دایک و باوک بۆ دابینکردنی خۆشەویستی، سۆز، ڕێنمایی و چاودێری پێویست، هاوکات دانانی سنووری گونجاو بۆ پەروەردەکردنی منداڵێکی تەندروست لە ڕووی دەروونی، جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە. ئەمە توانای دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر، پەیوەندیی کاریگەر، و گونجاندنی شێوازی پەروەردە لەگەڵ پێداویستییەکانی منداڵ لەخۆدەگرێت (العربي ، إبراهيم، رؤف ، 2023 : 6).

**پێناسەی ڕێککاریی:** (بریتییە لەو نمرەیەی، کە بەدەستدێت لە لایەن نموونەی توێژینەوەکەوە لەسەر ئەنجامی جێبەجێکردنی پێوەری لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی بۆ هەر تاکێك لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە).

**پێنجەم/ زەحمەتییەکانی فێربوون (Learning difficulties):** پێناسەی (DSM-4,1994) زەحمەتییەکانی فێربوون کاتێک دەستنیشاندەکرێن، کە ئاستی دەستکەوتی تاکێک لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی خوێندنەوە، بیرکاری، یان دەربڕینی نووسراو بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتر بێت لەوەی کە بەپێی تەمەن چاوەڕواندەکرێت، خوێندن و ئاستی هۆشمەندیی زەحمەتییەکانی فێربوون بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری دەکەنە سەر دەستکەوتی خوێندن یان چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە پێویستیان بەخوێندنەوە، بیرکاری، یان شارەزاییەکانی نووسین هەیە (American Psychiatric Association,2022,p.46-53).

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### یەکەم/ ڕێنمایی خێزانی

ڕێنمایی خێزانی لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە لایەن ناتان ئاکەرمان و موڕای بۆوینەوە دەستپێکرد وەک ڕێکارێکی شۆڕشگێڕانە، کە کێشە دەروونییەکانی لە چوارچێوەی سیستەمی خێزاندا چارەسەردەکات، نەک وەک کێشەی تاکەکەسی. لە دەیەی شەستەکاندا ئەم بوارە بە نەزەری "بیرکردنەوەی سیستەمیی گریگۆری بەیتسن گەشەیکرد و لە دەیەی حەفتاکاندا سالڤادۆر مینوچین مۆدێلی چارەسەری ستراکچەری دانا، کە ئەمڕۆش بەکاردێت (Franklin et al., 2024).

ئەمڕۆ ڕێنمایی خێزانی یەکێکە لە کاریگەرترین ڕێکارەکانی چارەسەری دەروونی لە جیهاندا، کە لە زیاتر لە 70 ساڵدا بە بەڵگەی زانستی گەشەی کردووە. ئەم شێوازە لە ڕێنمایی نەک تەنها کاریگەری لەسەر کەسی خاوەن کێشە دەبێت، بەڵکو گۆڕانکاریی ئەرێنی لە تەواوی سیستەمی خێزاندا دروستدەکات، کە بەردەوامی و کاریگەری درێژخایەنی هەیە (Tang et al., 2024)، هەروەها ڕێنمایی خێزانی جۆرێکە لە چارەسەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان کە مەبەست لێی یارمەتیدانی خێزانەکانە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانیان و باشترکردنی پەیوەندییەکانیان، یاخود ڕێنمایی خێزانی پرۆسەیەکی پیشەییە، کە تیایدا ڕێنماییکارێکی شارەزا لەگەڵ ئەندامانی خێزان کاردەکات بۆ دۆزینەوەی ڕەگی گرفتەکان، باشترکردنی پەیوەندیی نێوان ئەندامەکان، فێرکردنی چارەسەری کێشەکان و بەهێزکردنی بنکەی خێزان (Cleveland Clinic, 2022). ئامانجەکانی ڕێنمایی خێزانی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتییە، کە ئامانجی باشترکردنی پەیوەندییەکانی خێزانی و دابینکردنی پشتگیری دەروونی و کۆمەڵایەتییە بۆ خێزانە (Family Counseling, 2023).

### دووەم/ تیۆری مینۆشین (Structural Family Therapy):

تیۆرەکەی سالڤادۆر مینۆشین شۆڕشێکی گەورەی لە بواری چارەسەری خێزاندا کرد، بە گۆڕینی چەمکی نەخۆشیی دەروونی لە تەنیا تاکەکەسەوە بۆ تێگەیشتنێکی سیستەمی، کە پەیوەندییە خێزانییەکان وەک بنەمای کێشەکان دەبینێت. ئەو بە تێڕامانێکی زیرەکانە نیشانیدا، کە زۆربەی کێشە دەروونییەکان ڕەنگدانەوەی نارێکییە لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا و بۆ چارەسەری کاریگەر پێویستە سیستەمی خێزان بە تەواوی ڕێکبخرێت. ئەم بیرۆکەیە بووە هۆی دروستبوونی چارەسەری خێزانی بە شێوەیەکی نوێ و گۆڕینی تەواوی ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە دەروونییەکان، کە تا ئەمڕۆش کاریگەرییە قووڵەکەی بەردەوامە لە بواری پزیشکی دەروونیدا (Bahari,2018:12). سلیڤادۆر مینۆشین (Salvador Minuchín) پزیشکی دەروونی و پێشەنگی پێکهاتەی خێزانی بوو. ئەو لە ساڵی (1921) لە ئەرژەنتین لەدایکبووە و لە ساڵی (2017) کۆچیدوایی کرد. مینۆشین بە یەکێک لە بەناوبانگترین پزیشکی دەروونیی پێکهاتەی خێزانی دادەنرێت و کاریگەرییەکی گەورەی لە بواری چارەسەری خێزانەکان و سیستەمی پەیوەندییەکاندا هەبووە. ئەو بەهۆی داهێنانی چارەسەری پێکهاتەی خێزانەوانی (Structural Family Therapy) ناسراوە، کە تێیدا تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە خێزانییەکان و چۆنێتیی کاریگەرییان لەسەر کێشە دەروونییەکانی ئەندامانی خێزان. مینۆشین سەرەتا لە بواری پزیشکی دەروونیی منداڵان کاردەکات، بەڵام دواتر ڕووی لە توێژینەوە لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان کرد (Minuchin et al.,2017). توێژەر لەم توێژینەوەی بەردەستدا تیورەکەی مینۆشینی کردووە بە بنەمایەک بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی بۆ باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون، چونکە مینۆشین بڕوای وا بووە، کە زۆربەی نیشانەکانی شڵەژانەکان بۆ شکستی بونیادی ناو سیتمی خێزانی دەگەڕێتەوە، ناتوانین لە نیشانەی شڵەژاوی کەسەکان تێبگەین، تا نەگەڕینەوە بۆ نموونەی کارلێکەکانی ناو سیستمی خێزانەکە، واتە پێش ئەوەی باس لە باشبوون، یان کەمبونەوەی نیشانەی شڵەژانەکان بکەین، دەبێت گۆڕانکاری لە بونیادی خێزاندا ڕووبدات.

### سێیەم/ لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی:

لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک توانا و زانیاری، کە دایک و باوک پێویستیانە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە شێوەیەکی تەندروست و هاوسەنگ. ئەم لێهاتووییانە تەنیا لە دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکانی وەک خۆراک و شوێنی نیشتەجێبووندا سنووردار نین، بەڵکو لایەنە سۆزداری و دەروونییەکانیش لەخۆدەگرن، کە بەشدارن لە بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی کەسایەتیی منداڵدا، لێهاتووی باوکایەتی و دایکایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ لە هۆکارە سەرەکییەکانن، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی منداڵ هەیە و ڕێنماییاندەکات لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا. باوک و دایک یەکەمین نموونەن، کە منداڵ لە ژیانیدا چاوی پێی دەکەوێت و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دارشتنی کەسایەتییەکەی و دارشتنی بەهاکانی و ڕێنماییکردنی ڕەفتارەکانی. ئەو دایک و باوکانەی کە توانای پەروەردەکردنی کاریگەریان هەیە، توانای دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت و پاڵپشتیان بۆ منداڵەکە هەیە، ئەمەش متمانەی بەخۆی و توانای کارلێککردنی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا زیاتر دەکات. ئەم لێهاتووییانە بریتین لە توانای ڕێنماییکردن، پەیوەندییەکی باش، پێشکەشکردنی پاڵپشتی سۆزداری و فێرکردنی منداڵ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاستەنگەکانی ژیاندا بکات. بە بەرزکردنەوەی تواناکانی پەروەردەکردنی منداڵ، دایک و باوک دەتوانن پەیوەندییەکی هاوسەنگ و تەندروست لەگەڵ منداڵەکانیان دروستبکەن، ئەمەش بەشدارە لە بەرزکردنەوەی دەستکەوتی ئەکادیمی و باشی دەروونی و تەندروستیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ لە درێژخایەندا (سلیمان، ٢٠١٩: ١٢١).

(عەبدولڕەحمان و حەسەن ٢٠٠٣) لێهاتووییەکانی دایک و باوکی پێناسە کردووە وەک چالاکییەکان، کە پشتپێدەبەسترێت بۆ بەهێزکردنی لێهاتووییەکانی خێزان و منداڵەکان و زیادکردنی لێهاتوویی گەشە و پەرەپێدانیان. مەبەست لە لێهاتووییەکانی دایک و باوکی ئەوەیە، کە "ئەو لێهاتووییانەن، کە دەبێت لە دایک و باوکدا پەرەپێبدرێن و گەشەبکەن لە ڕێگەی ڕاهێنان و بەشداری پێکردنیان لە پرۆگرامەکانی تایبەت بە

ڕێنمایی خێزان و پێدانی زانیاری هۆشیارکردنەوەیان، بۆ ئەوەی ببنە ڕێنماییکاری منداڵەکانیان و زیادکردنی توانایان لە جێبەجێکردنی ڕۆڵەکانیان وەک دایک و باوک و زیادکردنی توانایان لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان بە شێوەیەکی ئەرێنی و کاریگەر. ئەم لێهاتووییانە بریتین لە: پەیوەندیکردن و چارەسەرکردنی کێشە، ئەنجامدانی ڕۆڵە خێزانییەکان ، وەڵامدانەوەی کاریگەر، بەشداریکردنی کاریگەر، و کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت (محەممەد، ٢٠١٣). بە هەمان شێوە توێژەر لەم توێژینەوەی بەردەستدا گرنگی بە کۆمەڵێک لێهاتووی داوە، وەک (پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ، بەڕێوەبردنی ڕەفتار و دانانی یاسا و ڕێسا و سنوور، توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، کارلێکی کۆمەڵایەتی، ڕێنمایی پەروەردەیی، چاودێری سۆزداری و دەروونی، جیاوازی و هاوپەیمانی لە خێزاندا).

**چوارەم/ زەحمەتییەکانی فێربوون Learning difficulties:**

چەمکی زەحمەتییەکانی فێربوون لە ڕووی زاراوە و پێناسەکانییەوە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. سەرەتاکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 19، کاتێک پرۆفیسۆر ئادۆلف کوسماڵ لە ساڵی 1877دا زاراوەی "word-blindness" (وشە-کوێربوون )ی بەکارهێنا، پاشان Rudolf Berlin لە ساڵی 1887دا زاراوەی دیسلیکسیای دەستنیشانکرد (Berlin, 1887)، هەروەها گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ساڵی 1963دا ڕوویدا، کاتێک زاراوەی "learning disability" بۆ یەکەمجار بەکارهات، کە دووریخستەوە لە زاراوە پزیشکییە ترسناکەکان. لە ڕێنمایی دەستنیشانکردن و ئاماری نەخۆشییە دەروونییەکان (DSM)دا، ئەم بابەتە چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتوون: لە DSM-III دا وەک "تێکچوونی کارامەیی ئەکادیمی" ناسرا، لە DSM-IV دا گۆڕا بۆ " تێکچوونی فێربوون"، و دواترین گۆڕانکاری لە DSM-5-TRدا لە ساڵی 2022دا هات، کاتێک زاراوەی "Specific Learning Disorder" بەکارهات بۆ یەکخستنی هەموو جۆرەکان لەژێر یەک بەشدا (American Psychiatric Association, 2022).

**پۆلێنکردنی زەحمەتییەکانی فێربوون:**

پۆلێنکردنی زەحمەتییەکانی فێربوون پەیوەستە بە چەمکەکەیەوە، چونکە هیچ بۆچوونێکی یەکگرتوو و ڕێککەوتوو لەسەر چەمکی زەحمەتییەکانی فێربوون بوونی نییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پۆلێنکردنی زەحمەتییەکانی فێربوون هەیە, بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، زەحمەتییەکانی فێربوون تەنها یەک نیشانە نین، بەڵکو چەندین نیشانەی جیاوازن (حسن،2019 :37)، بەڵام ڕێککەوتنێک لە نێوان پسپۆڕان و ئەوانەی لە بواری زەحمەتییەکانی فێربووندا کاردەکەن لەسەر ئەو پۆلێنکردنەی کە (Kirk and Calvin, 1988) ئاماژەپێکردووە لە ژێر دوو پۆلێنکردنی سەرەکیدا یە، کە بریتین لە:

یەکەم: زەحمەتییەکانی فێربوونی گەشەسەندنDevelopmental Learning difficulties

دووەم: زەحمەتییەکانی فێربوونی ئەکادیمی  Academic Learning difficulties

یەکەم: زەحمەتییەکانی فێربوونی گەشەسەندن Developmental Learning difficulties :

ئەو زەحمەتییانەن، کە پەیوەندییان بە فەرمانەکانی مێشکەوە هەیە، هەروەها بە پرۆسەی ئەقڵ و زانیارییەکان کە منداڵ پێویستی پێیانە لە دەستکەوتی ئەکادیمیدا، وە ڕەنگە هۆکاری ڕوودانیان تێکچوونی کارایی بێت، کە پەیوەندییان بە سیستەمی دەماری ناوەندییەوە هەیە. مەبەست لێی ئەو زەحمەتییانەیە، کە پەیوەندییان بە پرۆسەکانی پێش ئەکادیمییەوە هەیە، کە لە پرۆسە زانیارییەکانی پەیوەست بە سەرنج و تێگەیشتن و یادەوەری و بیرکردنەوە و زمان خوێندنەوە،کە دەستکەوتی ئەکادیمی پشتی پێ دەبەستێت و گرنگترین بناغەکان پێکدەهێنن، کە چالاکی ئەقڵی و زانیاریی تاک لەسەری دامەزراوە (الغني، 2010: 155)، هەروەها زەحمەتییەکانی گەشەکردن پۆلێندەکرێن بۆ دوو جۆر؛ زەحمەتییە سەرەتاییەکان، کە بریتین لە (سەرنجدان، تێگەیشتن، و یادەوەری)، زەحمەتی لاوەکی، کە بریتین لە (بیرکردنەوە و زمانی زارەکی). گرفتە سەرەتاییەکانی گەشەکردن بریتین لە پرۆسەی ئەقڵی بنەڕەتی و بە ئەرکی جەوهەری و سەرکەوتوو دادەنرێت، هەندێکیان کاریگەرییان لەسەر هەندێکی تر هەیە، هەر بۆیە پێیان دەوترێت کێشەی سەرەتایی. ئەگەر یەکێکیان تووشی تێکچوونێک ببێت، ئەوا کاریگەری لەسەر توانای منداڵەکە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئاستی ئەکادیمی. بیرکردنەوە و زمانی زارەکی بە کێشەی لاوەکی دادەنرێت، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری کێشە سەرەتاییەکانیان لەسەرە (Salem et al., 2003:70).

دووەم: زەحمەتییەکانی فێربوونی ئەکادیمی Academic Learning Difficulties: سەرجەم ئەو کێشە و گرفتانەن لە کاتی چوونە قوتابخانە ڕووبەڕووی منداڵ دەبنەوە، کە بریتین لە زەحمەتییەکانی تایبەت بە خوێندنەوە، زەحمەتیەکانی تایبەت بە نووسین، زەحمەتییەکانی تایبەت بە گۆکردن و نووسین، زەحمەتییەکانی تایبەت بە بیرکاری (قەرەچەتانی،2016: 21). بێتوانایی قوتابیان لە فێربوونی ئەم بابەتانە کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی فێربوونی لەم قۆناغانەی خوارەوەدا هەیە. (الظاهر، 2004)، (عدس، 1998)، و (أبو نيان، 2001) پشتڕاستیدەکەنەوە، کە کێشەکانی فێربوونی ئەکادیمی بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە زەحمەتییەکانی فێربوونی گەشەکردنەوە هەیە، چونکە بە هۆی کەموکورییەکانی پرۆسەکانی بیرکردنەوە، بیرهێنانەوە، سەرنجدان و تێگەیشتن، سەرهەڵدەدەن بەو پێیەی منداڵەکە تووشی زەحمەتییەکانی فێربوون دەبێت لە ژمێریاری، دەربڕینی نووسراو، خوێندنەوە، نووسین و ڕێنووسی (اللالا ئەوانی تر،2011: 172).

**هۆکارەکانی زەحمەتییەکانی فێربوون Causes of learning difficulties:**

زانراوە، کە هۆکارەکانی زەحمەتییەکانی فێربوون وا لە دایکان و باوکان و توێژەران دەکات، کە سەرسام بن، نەزانن چی بکەن، یان نایانتوانێت بە ئاسانی تێیبگەن. هەندێک لە زانایان هۆکارەکانی زەحمەتییەکانی فێربوون دەگەڕێننەوە بۆ تێکچوونی دەمارەکان لە بواری

تێگەیشتن- جوڵەدا، هەندێکی تر پێیان وایە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە فیزیۆلۆژییەکانی وەک کەموکوڕی، یان زیان گەیاندن بە مێشک.

گرنگترین هۆکارەکان کە دەتوانن هۆکارێک بن، ببنە هۆی کێشەی فێربوون بریتین لە:

1-هۆکاری بۆماوەیی.

2-هۆکارەکانی پێش لەدایکبوون

3-هۆکارەکانی کاتی لەدایکبوون

4-هۆکارەکانی دوای لەدایکبوون (البطاینة وآخرون،2009 : 44).

## توێژینەوەکانی پێشوو:

**یەکەم/ توێژینەوەی (شاولي ، 2004)**، ناونیشانی توێژینەوەکە (کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی بۆ دایکانی منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون لە کەمکردنەوەی کێشەکانی ڕەفتارە). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی بەرنامەی ڕێنماییە بۆ دایکانی منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون لەسەر کەمکردنەوەی کێشەی ڕەفتاری. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبوون لە (124) دایکی منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون لە قوتابخانەی سەرەتایی، لە پۆلی یەکەم تا شەشەم، لە جددە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (34) دایک، خۆبەخشانە بەشداریان لە پرۆگرامی ڕێنماییدا کرد. نموونەکە بە مەبەست هەڵبژێردراوە بە هەڕەمەکی بەسەر دوو گرووپی یەکساندا دابەشکرا. گرووپی یەکەم گرووپی تاقیکارییان پێکهێنا، کە بەرنامەی ڕاهێنانیان وەرگرت، گرووپی دووەم گرووپی کۆنترۆڵیان پێکهێنا، کە هیچ ڕاهێنانێکیان وەرنەگرت. توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی ئەزموونی بەکارهێناوە. توێژەر ئامرازی ئاماری (ANCOVA)ی بەکارهێناوە بۆ شیکاری جیاوازی. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری گرنگ لە نێوان گرووپە تاقیکاری و کۆنترۆڵەکاندا لەسەر پێوەرەکانی کێشەکانی ڕەفتار لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی وەرگیراو لە پێوەرەکەدا نەبووە.

**دووەم/ توێژینەوەی (شاهر الظفيري،2018 )**، ناونیشانی توێژینەوەکە (کاریگەری بەرنامەی ڕێنمایی خێزان و پەیوەندییەکەی بەڕەفتاری کێشەدار لە نێوان ئەو منداڵانەی کە زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە یە). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی باوترین دەرکەوتەکانی ڕەفتاری کێشەدار لە نێوان منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون، هەروەها دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان ڕێنمایی خێزان و ڕەفتاری کێشەدار لە نێوان ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەدا، هەروەها دەستنیشانکردنی کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزان لە گۆڕینی ڕەفتاری کێشەدار لە نێوان منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی، کە زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە لە وولاتی کوێت، ئامانجێکی دیکە دەستنیشانبکات، کە تا چەند ئەم بەرنامەیە بەردەوامە لە کاریگەری لە باشترکردنی ڕەفتاری کێشەدار لە نێوان ئەم خێزانانەدا لە ماوەی بەدواداچووندا. کۆمەڵگای توێژینەوەکە خێزانی منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون بووە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (20) دایک و باوک، توێژەر ئامرازی ئاماری (MANCOVA)ی بەکارهێناوە بۆ شیکاری جیاوازی. ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبووە لە جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو لە نێوان ماماوەندی نمرەکانی منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون لە گرووپی تاقیکاریدا لە دەستکاریکردنی ڕەفتاری کێشەدار پێش و دوای جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕێنماییکردن، لە بەرژەوەندیی دوای تاقیکردنەوەکەدا هەبوو. لە ڕووی ئامارییەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ماماوەندی نمرەکانی منداڵانی خاوەن زەحمەتیی فێربوون لە گرووپی تاقیکاریدا نەبوو، دوای جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕێنمایی خێزان و لە کاتی بەدواداچوون لە دەستکاریکردنی ڕەفتاری کێشەدارەدا. لە ڕووی ئامارییەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ماماوەندی نمرەکانی نێر و مێی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون لەسەر پێوەرەکانی ڕەفتاری کێشەدار لە گرووپی تاقیکاریدا نەبوو، کەواتە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانییەکە هەم کاریگەری کاتی هەبووە و هەم کاریگەری درێژخایەنی لەسەر باشترکردنی ڕەفتاری منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون.

## سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لە چەند ڕوویەکەوە توانیوویەتی سوود لە توێژینەوەکانی پێشووتر وەربگرێت، وەکو:

1 .هەستکردن بە هەبوونی کێشەی توێژینەوەکە و ڕادەی گرنگییەکەی بە مەبەستی کردنی بە توێژینەوەیەکی زانستی.

2 .توێژینەوەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لە بابەتەکاندا سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بە تایبەت لە چوارچێوەی تیۆرییدا.

3 .بۆ زیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکە و شوێنپێهەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لێوەرگیراوە.

4. سوودوەرگرتن لە زانیاریە ڕێککارییەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها چۆنێتیی ڕاڤەکردنی داتا و زانیارییەکان و هاوکێشەکانی ئامارکردن.

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

**میتۆدی توێژینەوەکە و دیزایینی توێژینەوەکە:** توێژەران بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لە جێبەجێکردنی هەنگاوە زانستییەکانیدا میتۆدی نیمچە ئەزموونی (Quasi-Experimental) لە توێژینهوەکەیدا بەکاریانهێناوە، ئەوەش بە مەبەستی زانینی کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی پشتبەستوو بە تیۆری بونیادی (مینوشین) لە سەر لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زە حمەتییەکانی فێربوون.

**دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە:**

لە جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکەدا, توێژەر دیزاینی یەک گرووپ لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ پاشەکی (One-group pretest–posttest quasi-experimental design) ئەنجامدا، کە کاریگەری بەرنامە ڕاهێنانییەکەی لە نێوخۆی تاکەکان (Within-Subjects) خستەڕوو. توێژەر بۆیە ئەم شێوە دیزاینەی بەکارهێناوە, لەبەر کەمی ڕێژەی بەشداریکردنی باوکان و دایکانی منداڵانی خاوەن زەحمەتییەکانی فێربوون لە بەرنامەی ڕاهێنانەکەدا.

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە  پێویستە سەرەتا کۆمەڵگا ڕەسەنەکە بە هەموو تایبەتمەندییەکانی بناسێنرێت، چونکە بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی تر بە کارێکی ناتەواو دادەنرێت، تاوەکو وەسفی کۆمەڵگاکە بە شێوەیەکی ورد نەکرێت (احمد، ٢٠٢٢، ١٠٣).

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە باوکان و دایکانی قوتابیانی تووشبوو بەزەحمەتییەکانی فێربوون لە قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)، هەرچەندە داتایەکی دروست و تەواو نەبوو بۆ دەستنیشانکردن و زانینی ژمارەی قوتابیانی تووشبوو بەزەحمەتییەکانی فێربوون، توێژەر سوودی لە داتاکانی بەڕێوبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی وەرگرت، بە پێی ئەو داتای وەرگیراوە ژمارەی قوتابیانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون لە قوتابخانەکانی سنووری هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بریتییە لە (٣٠٩) قوتابی، ژمارەی ئەو قوتابیانەی زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە، لە قوتابخانەکانی سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵات بریتییە لە (١٦٥) قوتابی، لە پەروەردەی ڕۆژئاوا بریتییە لە (١٤٣) قوتابی، بە پێی نووسراوی بەڕێوبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی.

## نموونەی سەرەتایی توێژینەوەکە ( العينة الإستيطلاعية):

لە دیزاینی توێژینەوەی ئەزموونیدا  پێویستە نموونەی سەرەتایی هەبێت، ئەویش بریتییە لەو نموونەیەی، کە پێوەرەکەی بە شێوە سەرەتاییەکە لەسەر جێبەجێدەکەیت و ڕاستی و جێگیری پێوەرەکەی لەسەر دەردەهێنیت، کە ئەم نموونەیە جیایە لە نموونەی سەرەکیی توێژینەوەکە، لێرەدا نموونە سەرەتاییەکە بریتییە لە (50 ) باوک و دایکی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، کە پێکهاتبوون لە 12 قوتابخانە (ئاڤێستا، ئارارات، مەحوی، مەریوان ، مەستورە، مهاباد، کازیوە، ماردین، قرگە، کامەران موکری، شیخ محمود و سەرسەنگ)، تا باوک و دایکی ئەو منداڵانە پێوانەکانی لێهاتووبی باوکایەتی و دایکایەتی وەڵام بدەنەوە.

## نموونەی سەرەکیی توێژینەوەکە:

بریتییە لە بەشێک لەو کۆمەڵگەیەی، کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکت. (بۆکانی، 2016: 126). نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە  باوکان ودایکانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون لە قوناغەکان (4-5-6)ی بنەڕەتی، کە ژمارەیان (15) باوک ودایک بوو، بە شێوازی ناهەڕەمەکی بە مەبەست هەڵبژێردراون، منداڵی ئەم باوک و دایکانە پێشووتر لە لایەن لیژنەی پزیشکییەوە دەستنیشانکرابوون، کە تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوونن، بەڕاپۆرتی پزیشکی پشتڕاسکرابووەوە. نموونەی توێژینەوەکە لە (7) قوتابخانەی بنەڕەتی لە سنووری بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی هەڵبژێردراون. وەک خشتەی (1) ڕوونیدەکاتەوە.

خشتەی(1)، نموونەی توێژینەوەکە

| ژمارە | پیشە | ئاستی خوێندن | تەمەنی منداڵ | ڕەگەزی منداڵ | پۆلی منداڵ | ناوی قوتابخانە | باوک/ دایک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ژنی ماڵەوە | ناوەندی | ١٥ساڵ | کوڕ | 5 | ئاریاس | دایک |
| 2 | کاسب | سەرەتای | 10ساڵ | کوڕ | 4 | پشکۆ | باوک |
| 3 | ژنی ماڵەوە | سەرەتای | 13ساڵ | کچ | 6 | شەهید کەماڵ کوردی | دایک |
| 4 | مامۆستا | زانکۆ | 11ساڵ | کچ | 4 | ڕەئوفی علی فەندی | باوک |
| 5 | ژنی ماڵەوە | سەرەتای | 13ساڵ | کوڕ | 4 | ڕەئوفی علی فەندی | دایک |
| 6 | فەرمانبەر | دواناوەندی | 13ساڵ | کوڕ | 5 | ڕەئوفی علی فەندی | باوک |
| 7 | فەرمانبەر | دواناوەندی | 11ساڵ | کوڕ | 4 | ئاریاس | باوک |
| 8 | پۆلیس | دواناوەندی | 11ساڵ | کوڕ | 5 | پشکۆ | باوک |
| 9 | ژنی ماڵەوە | ناوەندی | 11ساڵ | کوڕ | 5 | پشکۆ | دایک |
| 10 | ژنی ماڵەوە | سەرەتای | 13ساڵ | کچ | 5 | بڕیاری شەهید ئاسۆ | دایک |
| 11 | ژنی ماڵەوە | سەرەتای | 13ساڵ | کوڕ | 6 | 11ئازار | دایک |
| 12 | ژنی ماڵەوە | دواناوەندی | 12ساڵ | کچ | 5 | شەهید کەماڵ کوردی | دایک |
| 13 | فەرمانبەر | ناوەندی | 13ساڵ | کوڕ | 5 | شەنگار | باوک |
| 14 | ژنی ماڵەوە | سەرەتای | 13ساڵ | کوڕ | 5 | 11ئازار | دایک |
| 15 | مامۆستا | زانکۆ | 13ساڵ | کوڕ | 5 | ڕەئوفی علی فەندی | دایک |

## پارێزراوی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ دیزاینکردنی توێژینەوەکە:

لە ڕاستیدا پارێزراوی ناوخۆیی و دەرەکی پێویستە لەبەرچاوبگیرێت، لەبەر ئەوەی ڕەنگە گۆڕاوەدەرکییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکە هەبێت، پێویستی بەناسینەوە و سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانیان هەیە (محمد،شرف،2020،281).
گومانی تێدا نییە، کە پارێزراوی ناوخۆیی و دەرەکی گرنگە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەزموونی لەبەر ئەوەی دیزاینکردن و ڕاستیبوون، گرەنتی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی باوەڕپێکراو، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان، کە پێویستە لە هەر توێژینەوەیەکدا هەبێت. ئەگەرچی لە توێژینەوەکەی ئێستادا دیزانی (تاقیکردنەوەی دووبارەی لە نێوخۆی تاکەکان) یەك کۆمەڵەی بۆ هەردوو تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی بەکارهێنراوە، خۆی لە خۆیدا هەندێ خەوش و کەموکورتی تێدایە، بەڵام توێژەر تارادەیەکی باش هەوڵی بەدیهێنانی پارێزراوی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ دیزاینی توێژینەوەکەی داوە. بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**دروستیی ناوەکی و دەرەکی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی گەیشتن بە ئاستی دڵنیایی لە کۆنترۆڵی ئەزموونی توێژینەوەکە، توێژەر بەپێویستیزانی کاریگەریی کۆمەڵێك فاکتەر پەیوەندیدار بە ئەزموونی توێژینەوەکە لەبەرچاوبگرێت، یان تارادەیەک کەمی بکاتەوە و کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر ئەنجامەکانی توێژنەوەکە نەبێت، بۆ ئەو مەبەستە لەو پێناوەدا دروستیی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونی توێژنەوەکە ئەنجامدرا.

**أ.دروستیی ناوەکی:** لەبەر دروستی ناوەکی توێژینەوەکە، پەیوەستە بە ئاستی کۆنترۆڵکردنی ئەو هۆکارانەی، دێنە بەردەم پرۆسەی ئەزموونی توێژینەوەکەوە، بۆ ئەو مەبەستە چەند ڕێکارییەك پێڕەوکرا، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا هەستا بە کۆنترۆڵکردنی ئەو هۆکارە ناوخۆییانەی، کە دەکرا کاریگەرییان هەبێت لە سەر گۆڕاوی شوێنکەوتەی ئەزموونەکە، لە گەڵ کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆدا.

**ب.دروستیی دەرەکی:** مەبەست لە دروستکردنی دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە، بریتییە لە ئاستی بەشداریکردنی باوکان و دایکانی ئەزموونی توێژینەوەکە بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە بریتییە لە باوکان و دایکانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون، کە ژمارەیان (15) باوک و دایک بوون .

**بارودۆخی ئەزموونەکە و ئەو گرفتانەی کە تووشی دەبێت:**

توێژەر هەوڵیدا کەشێکی گونجاوی دەروونی و فیزیکی و ژینگەیەکی تەندروستی دەروونی بۆ باوکان و دایکانی نموونەی توێژینەوەکە دابینبکات. بە درێژایی ماوەی ئەزموونەکە هیچ بارودۆخێکی نەخوازراوی لەناکاو ڕوویندا، کە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی ئەزموونەکە هەبێت، هەروەها شێوە سووربوونی باوکان و دایکانی کۆمەڵەکە لەسەر پەیوەستبوونی تەواو بەکات و شوێنی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕێنمایی

خێزانی و پێداویستی دانیشتنەکانی ئەزموونی توێژینەوەکە و ئامادەبوونی تەواوی باوکان و دایکان لەکاتی ماوەی ئەزموونەکەدا، دڵنیایدا بە توێژەر سەبارەت بە نەبوونی هیچ گرفتێک لە کاتی بەئەنجامگەیاندنی ئەزموونەکەدا، هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەری قوتابخانەی ڕەئوفی عەلی ئەفەندی بۆ دابینکردنی شوێن و دابینکردنی پێداویستییەکان.

## ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان توێژەر ئەم ئامرازانەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێناوە:

1 -پێوانەکاری لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی.

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، پێویستمان بە (پێوانکاری لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی) بوو بۆ ئامادەکردنی ئەم پێوانکارە، دوای گەڕان و خوێندنەوەی چەند توێژینەوە و سەرچاوەیەکی زانستی دەربارەی گۆڕاوەکان، وەک العتيبي (2019) و محمد (2018) و ابو حطب (2010) و زهران (2005) و Teti ,Gelfand (1991) و Coleman ,Karraker (1998)، توێژەر بە سوودوەرگرتن لەو سەرچاوانە هەستا بە ئامادەکردنی پێوانکارێک بۆ پێوانەکردنی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون. (72) بڕگە ئامادەکرا و هەمووی بە شێوەی ئەرێنی داڕێژرابوون، کە دابەشکرابوون بەسەر (7) بواردا، وەک لە خشتەی (2)دا بوار و ژمارەی بڕگەکان ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (2)، دابەشبوونی بڕگەکان بەسەر بوارەکاندا.

| ژمارە | بوارەکان | ژمارەی بڕگەکانی |
|---|---|---|
| 1 | بواری پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ | 8 |
| 2 | بواری بەڕێوەبردنی ڕەفتار و دانانی یاسا و ڕێسا سنوور | 12 |
| 3 | بواری تواانای چارەسەرکردنی کێشەکان | 13 |
| 4 | بواری کارلێکی کۆمەڵایەتی | 8 |
| 5 | بواری ڕێنمایی پەروەردەیی | 12 |
| 6 | بواری لێهاتوویی چاودێری سۆزداری و دەروونی | 13 |
| 7 | بواری جیاوازی و هاوپەیمانی | 6 |

**یەکەم**: بواری پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵ: بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و هەست و زانیاری لە نێوان دایک و باوک و منداڵ بە شێوەیەکی کاریگەر، کە لەگەڵ تەمەنی منداڵ و قۆناغی دەروونی گەشەکردندا بگونجێت، هەروەها وشە و ئاماژە و نیشانە و کارلێکی سۆزداری وەها بەکاربهێنێت، کە یارمەتی منداڵ دەدات، لەوە تێبگات، کە لە دەوروبەری چی ڕوودەدات، هەروەها توانای دەربڕین و تێگەیشتنی لە خۆی و کەسانی دیکە زیاتربکات (Hart & Risley,1995:125).

**دووەم**: بواری تواناکانی دایک و باوک لە بەڕێوەبردنی ڕەفتار و دانانی یاسا و ڕێسا و سنوور، کۆمەڵێک کارامەییە، کە یارمەتی دایک و باوک دەدەن بۆ بەڕێوەبردنی ڕەفتاری منداڵەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر، لە هەمان کاتدا یاسا و سنوورێکی ڕوون و دروست بۆ دڵنیابوون لە گەشەکردنی تەندروست و هاوسەنگی منداڵ دادەنێن. ئەم توانایانە هۆکارێکن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی سەلامەت، کە هاندەری ڕەفتاری ئەرێنیی و کەمکردنەوەی ڕەفتارە نەرێنییەکانە (Siegel & Hartazell,2003:112).

**سێیەم**: بواری توانای چارەسەرکردنی کێشەکان: توانای دۆزینەوەی چارەسەری کارا و گونجاوە بۆ کێشە جۆراو جۆرەکانی ژیانی ڕۆژانە لە کاتی گونجاودا، لەگەڵ توانای لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی و گەڕان بە دوای چەندین ڕێگاچارەی جیاواز و هەڵبژاردنی باشترینیان و جێبەجێکردنی بە ئارامی و بێ هەڵچوون (D’Zurilla & Nezu,2007:88-90).

**چوارەم**: بواری کارلێکی کۆمەڵایەتی: پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا سەرنج دەخاتە سەر ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەشداریکردن لە پرسە بەکۆمەڵەکاندا. هەردووکیان کارلێکی ئەرێنی تاکەکان لەگەڵ یەکتر گەشەپێدەدەن، و دەبێتە هۆی باشتربوونی ئاستی هاوکاری و هاوئاهەنگی لەناو کۆمەڵگادا (Coleman,1988:100).

**پێنجەم**: بواری ڕێنمایی پەروەردەیی: ڕێنمایی پەروەردەیی بریتییە لە پێشکەشکردنی پشتگیری و ئامۆژگاری، کە یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ بەدەستهێنانی توانا و لێهاتووییەکانیان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریانەی، کە لەوانەیە لە ژیانی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییاندا ڕووبەڕوویان ببێتەوە (Vygotsk,1978;34).

**شەشەم**: بواری لێهاتوویی چاودێری سۆزداری و دەروونی: بریتییە لە دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت و پاڵپشت، کە بەشداربێت لە تەندروستی دەروونی و سۆزداری کەسەکەدا، یارمەتیبدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەستەکانی و گۆڕانکارییەکانی ژیانی بە شێوەیەکی ئەرێنی (Bowlby,1988:45).

**حەوتەم**: بواری جیاوازی و هاوپەیمانی: بریتییە لە فرەچەشنی بۆچوون و هەڵوێست لە نێوان تاکەکاندا، هاوکاری و لێکتێگەیشتنی نێوان دایک و باوک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جیاوازییانە و مامەڵەکردن لەگەڵیان بە شێوەیەکی ئەرێنی. هاوپەیمانی خێزان سەقامگیری خێزان

زیاتر دەکات و ژینگەیەکی سەقامگیر بە منداڵەکە دەبەخشێت، کە یارمەتی گەشەکردنی بە شێوەیەکی دروست دەدات (Minuchin,1974:50).

**تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی پێوانکارەکە:**

ڕاستی و دروستی:

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئامرازێکی باشی توێژینەوەوە ڕاستی و دروستییە، واتە ئەو بابەتە پێوانەدەکات، کە بۆ پێوانەکردنی دارێژاوە و هیچی تر ناپێوێت (عبدالله، ٢٠٢٣ : ٤٤). بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و دروستی بۆ ئەم پێوانکارە، توێژەر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەکارهێناوە.

**أ- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:**

مەبەست لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی ئامرازی توێژینەوە ئەوەیە، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تا چەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش پێوەرەکە پیشانی چەند کەسێکی شارەزاو و پسپۆڕی بوارەکە دەدرێت (بۆکانی،٢٠١٦: ١٧٤ ). توێژەر بۆ پێوەری لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی (ڕاستگۆیی ڕواڵەت)ی دەرهێناوە، کە بریتییە لە ڕادەی دەست نیشانکردنی دڵنیایی لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ بڕگەکان، کە ئایا ئەو بڕگانە هەمان چەمکی باسلێکراو دەپێوێت، یان نا؟

توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون، بە سەر چەند شارەزایەکی بوارەکانی (پەروەردە و دەروونزانی و پەروەردەی تایبەت لە زانکۆی سلێمانی؛ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی صلاحەددین؛ کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سۆران؛ کولێژی پەروەردە)، کە ژمارەیان (11) شارەزابوو. پاش پێدانی سەرنج و تێبینی وردی شارەزایان لەسەر کۆی بڕگەکانی پێوەرەکە و پێشنیاری چەند گۆڕانکارییەکی ڕێزمانی و زمانەوانیان کردووە، بەپێی بۆچوونی شارەزایان ئەو بڕگانە مانەوە، کە ژمارەیان (72) بڕگەبوو. توێژەر بۆ زانینی ڕێژەی ڕاستگۆیی بڕگەکان، ڕێژەی سەدی بەکارهێنا بۆ کۆی بڕگەکان. ئەنجامەکەی (87%) بوو، ئەمەیش ڕێژەیەکی بەرزە و لە ڕووی زانستییەوە پەسەنددەکرێت. لە خشتەی (3)دا ڕاستگۆیی ڕوالەتی خراوەتەروو.

خشتەی( 3)، ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ لیهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی.

| ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی ڕازیبوونەکان | ڕێژەیی سەدی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| ٢،٤،١٥،١٧،١٩،٢٠،٢١،٢٣،٢٤،٢٦،٢٨،٣١،٤٧،٤٨،٤٩،٥٠،٥١،٥٢،٥٤ ٧٢،٥٨،٥٩،٦٤،٦٥،٦٦، | ١١ | ٪١٠٠ | بەڵگەداری |
| ١،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٦،١٨،٢٢،٢٦،٢٧،٢٩،٣٠،٣٢،٣٤،٣٩،٤٢ ٤٥،٤٦،٥٣،٥٦،٥٧،٦١،٦٣،٦٧،٧٠،٧١، | ١٠ | ٪٩٠ | |
| ٣،٢٥،٣٣،٣٥،٣٦،٣٨،٤٠،٤١،٤٤،٥٥،٦٢،٦٨ | ٩ | ٪٨١ | |
| ١٤،٣٧،٤٣،٦٠،٦٩ | ٨ | ٪٧٢ | |
| بڕی ڕاستگۆی ڕواڵەتی | | ٪٨٧ | |

**جێگیریی پێوانکارەکە:**

جێگیریی پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە دانانی پێوەر، جێگیریی بەو واتایە دێت، کە چەند جار ئەو تێستە دووبارە بکەیتەوە لەسەر هەمان نموونەی توێژینەوەکە، ئەوا دەبێت هەمان ئەنجامی یان ئەنجامێکی نزیکمان بداتێ (قەرەچەتانی، 2018: 130). چەمکی جێگیریی بەو واتایە دێت، کە ئامرازەکە هەمیشە بتوانێت، هەمان ئەنجام بەدیبهێنێت، ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گرووپدا جێبەجێبکرێتەوە (بۆکانی،156:2020). بە مەبەستی زانینی جێگیریی پێوانکاری توێژینەوەکە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هەردوو هاوکێشەی ئەلفاکرۆنباخ و هاوکێشەی دوولەتکرنی نیوەیی (Split-Half ) لەسەر (نموونە سەرەتاییەکە بریتی بوو لە (50)باوک و دایک. هاوکێشەی ئەلفاکرۆنباخ پێوانەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ دەرهێنانی جێگیری بۆ هەر پێوەرێک لە نێوان (0 – 1) دەبێت، هەروەها لەم یاسایەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئایا سەرجەم بڕگەکان پێوانەی هەمان بابەت دەکەن؟ پێش ئەوەی هەر توێژینەوەیەک جێبەجێبکرێت، دەبێت ئەم جۆرە جێگیرییەی بۆ دەربکرێت و لە ڕێگای هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخەوە پەیوەندیی نێوان بڕگەکانی پێوانکارەکە بدۆزرێتەوە. دوای بەکار هێنانی جیگیری بە ڕێگای هاوکێشەی (ئەلفاکرۆنباخ) و هاوکێشەی دوولەتکردنی نیوەیی (Split-Half) بۆ (50) باوک و دایک، کە وەڵامی پێوانکارەکەیان دایەوە، بەهای هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ سەرجەم بڕگەکان، کە (72) بڕگە بوون، بریتی بوو لە (0.86)، بەهای هاوکێشەی دوولەتکرددنی نیوەیی بریتی بوو لە (0.87)، هەروەک لە خشتەی (4) خراوەتەروو، دەرکەوت، کە پێوانکاری توێژینەوەکە بەهایەکی بەرزی لە جێگیری هەیە.

خشتەی (4)، بەهای جێگیریی پێوەری لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی .

| گۆڕاو | هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ Cronbach Alpha | هاوکێشەی دوولەتکردنی نیوەیی Split- Half |
|---|---|---|
| لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی | 0.86 | 0.87 |

**شێوەی کۆتایی پێوانکارەکە:**

دوای دەرهێنانی ڕاستی و دروستی و جێگیری بۆ پێوانکارەکە، بە شێوەی کۆتایی دارێژرایەوە، کە لە (72) برگە پێکهاتبوو. جێگرەوەی وەڵامی برگەکان بە پێی شێوازی لیگێرت (5) جێگرەوەیی بووە، کە بریتیی بوون لە (هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، بەدەگمەن، هەرگیز). نمرەیان بەم شێوەیە پێدرا.

خشتەی ژمارە (5)، ڕوونکردنەوەی پێدانی نمرەی جێگرەوەکان.

| هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|
| 4 | 3 | 2 | 1 | 0 |

کەواتە باڵاترین نمرەی پێوانکارەکە لە نێوان (سفر - 288)ە، پاشان پێوانکارەکە ئامادەکرا بۆ جێبەجێکردنی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا.

## 2. بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی پشتبەستوو بە تیۆری بونیادی مینۆشین لەسەر لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون.

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی بەرنامە :**

ئامادەکردنی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی لەسەر بنەمای تیۆری بونیادی (مینۆشین)، کە ئامانجی باشترکردنی لێهاتوویەکانی باوک و دایکی ئەو منداڵانەیە، کە زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە. ئەم بەرنامەیە لەسەر چەند بنەمایەک دامەزراوە، کە لەکاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا پێوەپابەند دەبین و لەبەرچاویدەگیرێن. ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆدەگرن:

**یەکەم: ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەکە:**

1.گۆڕینی بونیادی سیستمی خێزانەکە، لە ڕێگەی گۆڕینی یاسا و ڕێسا بەرکارەکانی ناو خێزان، بەوەش نیشانەی شڵەژانەکان و فشار و دڵەڕاوکێکان کەمدەبێتەوە.

2. دروستکردنی بونیادێکی هەرەمی باش لە خێزاندا.

3. زیادکردنی کارلێکی ناو خێزان و دروستکردنی سنوورەکان، کە نە زۆر نەرم و نە زۆر وشک و ڕەق بێت.

**دووەم: ئامانجە تایبەتەکانی بەرنامەکە:**

1. هاوکاری دایک و باوکە، تا لەگەڵ یەک بگونجێن و بەیەکگرتویی هەڵۆێست بنوێنن.

2. یارمەتی منداڵەکان دەدات، بۆ ئەوەی ببن بە لقەسیستمیکی باش.

3. گۆڕینی هاوپەیمانییەکانی ناو خێزانەکە.

4. بەهێزکردنی پەیوەندی و چاودێریی ناو خێزان.

5.بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی باوکان و دایکان و ئاشناکردنیان بە سیفات و تایبەتمەندیی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون.

**سێیەم: سەرچاوەکانی بنیاتنانی بەرنامە:**

لە ئامادەکردنی بەرنامەکەدا توێژەر پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی بەستووە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1.توێژەر پشتی بە تیوری بونیادی مینۆشین بەستووە بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی لە سەر لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون، هەروەها پێداچوونەوەی بە تیۆری ئەدەبیاتی دەروونی و پەروەردەیی، کە بنەمای دیاریکردنی ئامانج و تەکنیک و ڕێگا و شێوازی بەرنامەکە بووە.

2. پێداچوونەوە بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، چ لە ژینگەی عەرەبی و چ لە ژینگەی بیانی وەک توێژینەوەی (حسن، 2009: 124)، توێژینەوەی( أحمد، 2015: 107)، توێژینەوەی (شوق، 2016: 118)، توێژینەوەی (المستكوى، 2023: 158).

3.پێداچوونەوە بە زۆرێک لە توێژینەوە بیانییەکان و عەرەبییەکان و چوارچێوە تیۆرییەکان، کە دەربارەی ڕێنمایی خێزانیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بووە، بەتایبەتر ئەو توێژینەوانەی دەربارەی منداڵانی تووشبوون بە زەحمەتییەکانی فێربوون، بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرین لە دانانی هەنگاوەکان، بناغەکان، ئامانجەکان و چۆنێتیی بنیاتنانی بەرنامەکە.

**قۆناغ و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەکە:**

**ئەم بەرنامەیە بە سێ قۆناغی جیاواز جێبەجێدەکرێت، کە ئەوانیش قۆناغی بەرایی، قۆناغی جێبەجێکردن، و قۆناغی هەڵسەنگاندنن، بەم شێوازەی خوارەوە:**

یەکەم. قۆناغی بەرایی:

1. قۆناغی بەرایی لە رێگای وەرگرتنی لێکۆڵینەوە و زانیاری پێویست و وەرگرتنی مۆڵەت و رێگەپێدان لە لایەنی پەیوەندیدار بە فەرمی ، سەرداندکردنی ئەو قوتابخانانەی، کە نموونەکانیان لێ دەستنیشاندەکرێت، دروستکردنی پەیوەندی و یەکترناسین لەگەڵ دایک و باوکە دیاریکراوەکان لە نێوان خۆیاندا، و لەگەڵ توێژەرەکەدا، و پێدانی بیرۆکە و ئامانجی پرۆگرامەکە، هەروەها چۆنێتی جێبەجیکردنەکە و گرنگی بەجێهێنانی ئەوئەرکانەی، کە داوایان لێدەکرێت لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە، دوای جێبەجیکردنەکەش، یارمەتیدانی هەموو دایکان وباوکەکان بۆ گشتگیرکردنی پرۆسەکە و ئەو لێهاتووییانەی، کە لە دەرئەنجامدا فێریدەبن.

2.لە ماوەی قۆناغی بەرایدا لە پرۆگرامی راهێنان لەسەر لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی هەڵدەستین بە زانینی ئەو کێشە و گرفتانەی، کە رووبەرووی ئەو دایک و باوکانە دەبێتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان، کە پرۆگرامەکەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

3.ئەم قۆناغە لە رێگای پێوانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی جێبەجێدەکرێت .

4.ئەم قۆناغە 2-3 چاوپێکەوتنی دایک و باوکەکانی پێویستە.

دووەم: قۆناغی جێبەجێکردن:

پرۆگرامی راهێنانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لە ماوەی (7) هەفتەدا جێبەجێدەکرێت، کە هەر هەفتەیەک دوو دانیشتن لە خۆدەگرێت، بەم شێوازە پرۆگرامی راهێنانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی (13) دانیشتن لەخۆدەگرێت، ماوەی هەر دانیشتنێک یەک کاتژمێر دەخایەنێت، دانیشتنەکان بە شێوەی گرووپ ئەنجامدەدرێت. ئەم بەرنامەیە دایکان و باوکان رادەهێنێت، کە چۆن لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانیان هەڵسەکەوت بکەن، بە مەبەستی پەرەدان بە لێهاتووی دایکان و باوکان کۆمەڵێک ئەرکی تایبەتیان بۆ دیاریدەکرێت، کە لە نێوان دانیشتنەکاندا جێبەجێیبکەن. لە سەرەتای هەر دانیشتنێک چەند خولەکێک دیاریدەکرێت بۆ پێداچوونەوە بە هەوڵەکانی دایک و باوک و بەکارهێنانی تەکنیکەکان لە ماڵەوە، هەروەها  دایکان و باوکان پاداشتدەکرێن، یان هاندەدرێن بۆ ئەوەی تەکنیکەکان بەکاربهێنن و لەبەرچاوبیگرن، هەرکات توێژەر هەستبکات، کە دایکان و باوکان بە ئاستێک لە لێهاتووی گەیشتوون و سەرکەوتوو بوون، ئەوە هەنگاوی تری نوێی بەرنامەکە دەستپێدەکات.

ئەو ئامراز و کەرەستانەی لە بەرنامەکەدا بەکارهاتوون:

لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانی بەرنامەکە و جێبەجێکردنی دانیشتنەکان، چەندین هۆکاری مادی و مەعنەوی بەکارهێنراون، وەک کەرەستەکانیش ئەمانەن: (وێنە و ڤیدیۆ، داتاشۆ، وایت بۆرد، کلێشەی پلاندانان، کتێب، سپیکەر، قەڵەم و کاغەز).

سێیەم: قۆناغی هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئەم بەرنامە و لێکۆڵینەوەیە لە بەردەوام بوونی کاریگەرییەکەی لە رێگای چوار ئاستەوە دیاریدەکرێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. هەڵسەنگاندنی سەرەتایی:

لە رێگای لێکۆڵینەوە و سەرنجدان و زیادکردن و گۆڕانکاری پێویست لەسەر دانیشتنەکان و کاریگەرییەکانی پرۆگرامی راهێنانی بەرێوەبردنی رەفتاری دایک و باوک لە ژێر رۆشنای ئەنجامی تاقیکردنەوە سەرەتاییەکان و پێش جێبەجێکردنیشی.

2.هەڵسەنگاندنی بەردەوام:

هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی راهێنانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لەکاتی جێبەجیکردندا لە رێگای هەڵسەنگاندن لە کۆتایی هەموو دانیشتنەکانی پرۆگرامەکەدا، بۆ سەرنجدان لەسەر چۆنێتی و چەندێتی سوود و کاریگەرییەکانی تەکنیکەکانی پرۆگرامەکە لەسەر باوکان و دایکان و دیاریکردنی ئەو خاڵانەی، کە پێویستە چاکبکرێن و گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەجۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ جێبەجێکردنێکی زانستیانە بۆ دانیشتنەکان و ئامادەسازییەکانی پرۆگرامەکە.

3 .هەڵسەنگاندنی کۆتایی:

دوای کۆتایی هاتنی تەکنیکەکانی پرۆگرامی راهێنانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی بەدواداچوون دەکرێت بۆ زانینی کاریگەری پرۆگرامەکە لەسەر باشبوونی نیشانەی زەحمەتییەکانی فێربوونی منداڵەکانیان.

4.هەڵسەنگاندنی بە دواداچوون:

لە رێگای جێبەجێکردنی هەمان کەرەستە و پێوانە و تەکنیکە بەکارهاتووەکان، دوای تێپەربوونی دوو مانگ بەسەر تەواوبوونی جێبەجێکردنی پرۆگرامی راهێنانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی، بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەسەر ئەوەی، تا چەند نیشانەکانی شڵەژانی زەحمەتییەکانی فێربوون لە منداڵەکە باش بووە و دایکان و باوکانی بەشداربوو راهێنراون و تەکنیکەکانی فێری بوون و پاراستوویانە لای خۆیان، کە لە کاتی دانیشتنەکاندا لەگەڵیاندا ئەنجامدراوە.

## ڕاستگۆیی بەرنامەکە:

دوای ئەوەی توێژەر بە سوودبینین لە سەرچاوەی زانستی و توێژینەوە و کتێب و ئەزموونی خۆیی و کەسانی شارەزا بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی لەسەر بنەمای تیۆری بونیادی مینۆشین ئامادەکرد، توێژەر بەرنامەکەی پێشکەشی (١١) شارەزا و پسپۆڕ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی: (پەروەردە، پەروەردەی تایبەت، دەروونناسی، پرۆگرامسازی، ڕێگای وانەوتنەوە، زمانەوانی) کرد. ئامانج لێی پشتڕاستکردنەوەی گونجاوی ئەمانە بوو: (ئامانجە تایبەتەکانی هەر دانیشتنێکی ڕاهێنان، ناوەڕۆکی بەرنامەکە و ئەو چالاکی و ڕاهێنانانەی، کە لەخۆیگرتبوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی، کە بۆی دامەزرا و گونجاوییەکەی بۆ باوک و دایکی ئەو منداڵانەی، کە زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە، ڕەوایەتی ڕێکارەکانی دانیشتنەکان و ڕاهێنان و هەنگاوەکانی ئامادەکاری، ستراتیژییەکان بۆ ئامانجەکان، و گونجاوی ژمارەی دانیشتنەکان و ئەو کاتەی کە بۆ هەر دانیشتنێک تەرخانکراوە دەخرێتە ڕوو. هەروەها هەر تێبینییەکی دیکە پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی بەرنامەی ڕاهێنانەوە هەیە. شارەزایان بەکۆی دەنگ لەسەر ئەو بابەتانەی ئاماژەی پێکراوە لە سەرەوە هاوڕا و کۆک بوون. بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنی بە پێی ڕێنمایی و تێبینییەکانیان، توێژەر ئەو گۆڕانکاریانەی ئەنجامدا، کە پێویست بوون، لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەندێک هەڵەی زمانەوانی و کات و ژمارەی دانیشتنەکان ،کە شارەزایان پێشنیاریان کردبوو. توێژەر لە کۆتایی بەرنامەکەدا فۆرمێکی پێشکەش بە شارەزایان کردبوو، کە ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە بەرنامەکە دەربڕی، پاش هەندێک سەرنج و تێبینی، بەرنامەکەیان پەسەندکردوە و بە شیاویان زانیووە.

## ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونی بەرنامەکە:

دوای ئامادەکردنی پێوانکارەکە و بەرنامەکە و دیاریکردنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەمەش دوای گەڕان و بەدوادا چوون لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنووری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، بە مەبەستی بەدەستهێنانی نموونەی توێژینەوەکە، سەرەڕای ئەنجامدانی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە پێویست بوون بۆ ڕێگەپێدان، بۆ سەردانکردنی قوتابخانەکان لە لایەن زانکۆی سلێمانی و بەڕێوبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی و هەروەها بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی ڕۆژهەلات لە شاری سلێمانی. بۆ بینینی فەرمانە کارگێرییەکان. پاش ڕاوێژ و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە مەبەستی دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکانی بەرنامەکە، بەکۆی دەنگ قوتابخانەی (ڕەئوفی علی ئەفەندی) دیاریکرا لە شاری سلێمانی. بەرنامەکە لە ٢٠ ی نیسانی ٢٠٢٥ دەستپێکرد، کە پێکهاتبوو لە (13) دانیشتن، دانیشتنی یەکەم بۆ یەکتر ناسین و دانیشتنی کۆتایش ماڵئاوایی و پێدانی سوپاسنامە و کتێب وەک دیاری بە باوکان و دایکانی بەشدار لە بەرنامەکە بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە. لە ١٠ی حوزەیران ٢٠٢٥ کۆتاییهات. لە ماوەی (٧) هەفتەدا، بە دوو دانیشتن لە هەفتەیەکدا. دانیشتنەکان بە شێوازی کۆمەڵ جێبەجێکران. لە دانیشتنی یەکەم تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ پێوانکاری لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی ئەنجامدرا، هەروەها لە دانیشتنی کۆتاییشدا تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ پێوانکارەکە ئەنجامدرایەوە. لە خشتەی (6)دا ماوەی بەرنامەکە خراوەتەڕوو.

خشتەی(6)، ڕوونکردوەی ماوەی جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

| نمونەی توێژینەوەکە | کاتی دیاریکراو بۆ هەردانیشتنێک | ڕێکەوتی دەستپێکردنی بەرنامەکە | ڕێکەوتی کۆتاییهێنانی ئەزموونی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 1 کاتژمێر | (2025/4/20) | (2025/6/10) |

## ئامڕازە ئامارییەکان:

(بۆ ئەم هاوکێشە ئامارییانە بەرنامەی (spss version 25) لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە:

1) هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ و هاوکێشەی دوولەتکرنی نیوەیی بۆ دەرهێنانی جێگیری.

2) هاوکێشەی (Wilcoxon Test) بۆ زانینی ئەو جیاوازیی کە لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم(post-test).

3) ڕێژەی سەدی بۆ دەرهێنانی ڕاستی و ڕواڵەتی.

4) هاوکێشەی ( Mann Whitney U test) بۆ زانینی جیاوازیی لە نێوان ڕەگەز (کچ- کوڕ) سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەی ڕاهێنانەکە.

## خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی:

خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم:

گریمانەی یەکەم بریتی بوو لە: نەبوونی جیاوازی ئاماژەبۆکراوی ئاماری لە ئاستی ئاماژەی (0.05) لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی پێوانەکردنی پێشینە و پاشینەی گرووپی ئەزموونی نموونەی توێژینەوەکە لە لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی.

سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی لەسەر لێهاتووی باوکایەتی و دایکایەتی، توێژەر هەستا بە دەرخستنی ئەو جیاوازییەی، کە لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم(post-test)دا دەستیکەوتووە. وەك لە خشتەی ژمارە (4-1)دا خراوەتەڕوو، ئەنجامی هاوکێشەی (Wilcoxon Signed-Rank) دەریخست، کە جیاوازیی ئاماری هەیە (z=-3.41) بە ئاستی ئاماژەی (0.001)، ئەمەش بەو واتایەی کە بەرنامەی ڕێنماییە خێزانییەکە کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتوویەکانی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون هەیە.

خشتەی (8) ،کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی پشتبەست بە تیۆری بونیادی (مینۆشین) لە سەر لێهاتووی (باوکایەتی و دایکایەتی) دەخاتەڕوو.،

| تاقیکردنەوەی یەکەم – تاقیکردنەوەی دووەم Pre-test – post test | پلەبەندی Rank | ژمارە | ناوەندی پلەکان Mean rank | کۆی پلەکان Sum of Rank | ناوەندە ژمێریی Pre-test | ناوەندە ژمێریی post-test | Z score | ئاستی ئاماژە | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لێهاتووی دایکان وباوکان | نەرێنی | 0 | 0 | 0 | 153.6 | 247.8 | -3.41 | 0.001 | 0.88 |
| | ئەرێنی | 15 | 8 | 120 | | | | | |
| | هاوتا | 0 | | | | | | | |

وەك لە خشتەی (8) ئاماژەی پێکراوە، دەردەکەوێت، کە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی کاریگەری هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتوویەکانی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبوو بە زەحمەتییەکانی فێربوون، بەمەش توێژەر گریمانەی سفری ڕەتدەکاتەوە و لە بەرامبەردا گریمانەی جێگرەوە (Alternative Hypothesis) پەسەنددەکات، بەو واتاییەی کە نموونەکانی توێژینەوەکە سوودمەندبوون لە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی کاریگەریی باشی هەبووە لەسەر لێهاتووی (باوکایەتی و دایکایەتی) بە شێوەیەکی گشتی. لە هەمان کاتدا هەبوونی بەڵگەداری ئاماری بە تەنها بەس نییە بۆ ئەوەی بڕیاربدرێت، کە بەرنامەکە کاریگەری هەبووە لە سەر بەرزبوونەوە ئاستی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی، بەڵکو دەبێت بزاندرێت، بڕی کاریگەرییەکە لە چ ئاستێکدا بووە، ئەمەش بە دەرهێنانی قەبارەی کاریگەری دەبێت. بۆ دەرهێنانی قەبارەی کاریگەری (حجم أثر)ی بەرنامەکە یاسای (Cohen's d)ی بەکارهێنرا. قەبارەی کاریگەری (قەبارەی کاریگەری (0.2)ە، بچووك و لاواز (0.5)ە، مامناوند (0.8)ە.بەرەو سەرەوە بە قەبارەی کاریگەری گەورە دادەنرێت. لێرەدا قەبارەی کاریگەری دەکاتە (0.88)، ئەم بەهایەش گەورەترە لە (0.8)، ئەمەیش بەو واتا دێت، کە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی کاریگەریی زۆرباشی هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە. توێژەر ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی، کە بوار برگەکانی بەرنامەکە پەیوەست بوو بە پێویستیی باوکان و دایکان و چۆنێتیی مامەڵەکردنیان. ئەمە گوزارشتە لەوەی بەرنامەکە لەسەر ڕۆشنای بیرکردنەوەی داهێنەرانە بیناکرابوو، باوکان ودایکانی ئەزموونی توێژینەوەکە بە پەرۆشەوە بایەخیان بە بەرنامەکە و ناوەڕۆکی بەرنامەکە دابوو، هەروەها ئەو ستراتیژ و تەکنیکە گونجاوانەی، کە توێژەر لە بەرنامەکەدا بەکاریهێناوە. ئەمە جگە لەوەی باوکان و دایکانی بەشدار لە بەرنامەکە زۆر بایەخیان بە بەرنامەکە دەدا، بە پەرۆشبوون بۆ گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و گەشەپێدانی زیاتر بە لێهاتوویەکانیان، وێڕای ئەوانەی باسکران، چالاکییەکان کە لە میانەی بەرنامەکەدا جێبەجێدەکران، لەگەڵ پێویستیی دایکان و باوکەکاندا یەکیدەگرتەوە.

ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێستا هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی ابو عیطة و النعیمات (2019) ، دەرکەوت، کە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر لێهاتوویی دایکایەتی و باوکایەتی و گونجاندنی خێزانی هەیە، هەروەها هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکەی الظفیري (2018)، دەرکەوت، کە کاریگەری بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی و پەیوەندییەکەی بە ڕەفتاری کێشەدار لە نێوان ئەو منداڵانەی کە زەحمەتییەکانی فێربوونیان هەیە، هەم کاریگەری کاتی هەبووە و هەم کاریگەری درێژخایەنی لەسەر باشترکردنی.

## دەرنجامەکان:

توێژەر لە میانەی ئەنجامی توێژینەوەکەیەوە، بەم دەرئەنجامەی خوارەوە گەیشت:

1. ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت، کە بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی پشتبەستوو بە تیۆری بونیادی مینۆشین لەسەر لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون کاریگەریی ئەرێنی لەسەر لێهاتوویەکانی باوکان و دایکان هەیە.

## ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

1. ئەم بەرنامەیە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بە شێوازی خولی تایبەت بۆ هاوکاریکردنی ئەو باوکان و دایکانە بەکاربهێنرێت، کە منداڵی تووشبوو بەزەحمەتییەکانی فێربونیان لە قوتابخانەکاندا هەیە.
2. پاڵپشتیکردنی مەعنەوی لە لایەن کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو خێزانانەی منداڵی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوونیان لە قوتابخانەکاندا هەیە.
3. ئەم بەرنامەیە بە شێوازی گرووپی بەسەر سەرجەم ئەو باوك و دایکانە جێبەجێبکریت، کە منداڵەکانیان لە چوار چێوەی پرۆگرامی پەروەردەی تایبەتدان، کە دەکرێت سوودی بۆیان هەبێت.

4. هۆشیارکردنەوەی باوکان و دایکان و خێزانەکان لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، بە مەبەستی هاندانیان بۆ بەشداریکردنیان لە ئەم جۆرە پرۆگرام و سیمینار و وۆرک شۆپانە، کە پەیوەندییان بە حاڵەتی منداڵەکانیانەوە هەیە.

## پێشنیازەکان:

ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەشت، چەند پێشنیازێکی هێنایە ئاراوە، گرنگترینیان:

1. پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزموونی دەکەم لە بواری (بەکارهێنانی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی بۆ باوک دایکی ئەو منداڵانە تووشی شڵەژانی ئۆتیزم بوون، کە لە قۆناغی قوتابخانەدان)

2. پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزموونی دەکەم لە بواری (ئەو کێشانەی کە دایک و باوک و مامۆستایان منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون پێوە دەناڵێن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان).

3. پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزموونی دەکەم لە بواری (بەراوردی کاریگەریی بەرنامەی ڕێنمایی خێزانی تاکە کەسی و گرووپی لە سەر لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی لای باوانی منداڵانی تووشبووی زەحمەتییەکانی فێربوون). بە بەکارهێنانی پێوەرەکانی لێهاتوویی باوکایەتی و دایکایەتی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە.

4.پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزموونی دەکەم لە بواری (ڕۆڵی مامۆستایان لە ناسینەوە و پشتگیری قوتابیانی زەحمەتییەکانی فێربوون لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە پارێزگای سلێمانی).

## سەرچاوەکان:


1. قەرەچەتانی، ک. ش. (2016). پەروەردەی تایبەتی، پرۆگرام و ڕاهێنان. چاپخانەی پیرەمێرد.

2. بوکانی، س. (2017). میتۆدی توێژینەوەی زانستی. سلێمانی، هەرێمی کوردستان: چاپخانەی چوارچرا.

3. قەرەچەتانی، ک. ش. (2018). ئاماری پەروەردەیی و دەروونی. تەهران: چاپخانەی زمان ئاشتی.

4. مەنسی، ح.خ. (2018). پەروەردەی تایبەت . هەولێر : چاپخانەی نارین.

5. بەهاری،ف. (2018).خانەوادە درمانی تاریخچە،نظریە،کاربردها.تهران: انشارات تزکیە.

6. بوکانی، س. (2020). تینسکلۆپیدیای زانستە دەروونیکان. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

7. ئەحمەد عەبدوللە، س. (2023). کاریگەری بەرنامەیەکی چارەسەری ڕەفتاری لەسەر کەمکردنەوەی توندی نیشانەکانی شلەژانی فەرەجۆلەیی و کەمئۆریایی (ADHD) لە قۆناغی باخچەی منداڵان. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی باخچەی منداڵان. [نامەی ماستەر].

8. جبار، ئە. ع. و حاجی، ط. م. (2023). بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیارکراو لەسەر پەرەپێدانی ئەکرامیی کۆمەڵایەتی لە منداڵانی ئۆتیزم لە تەمەنی قوتابخانەی بنەڕەتی. هەرێمی کوردستان، عێراق: زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە و دەروونزانی.

9. البطاينة، أ. م.، الخطاطبة، ع. و السبايلة، ع. ع. ك. (2009). صعوبات التعلّم: النظرية والممارسة. ط1. عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

10. صالح معمار and صهيب, 2022. تحديات ممارسات التعليم عن بُعد لذوي صعوبات التعلُّم والإجراءات الواجب اعتبارها للحد منها من وجهة نظر المشرفين والمشرفات بمنطقة المدينة المنورة. مجلة كلية التربية (أسيوط), 38(7.2), pp.86-145.

11. الخطيب، ج. م. (2013). أُسس التربية الخاصة. ط1. المملكة العربية السعودية: مكتبة المتنبي.

12. إبراهيم، ئ. س. س.، الدرس، ع. س. م. و أبو علام، ر. م. (2014). فعالية برنامج تدريبي قائم على إستراتيجية التنظيم الذاتي في تخفيف صعوبات الفهم القرائي لدى تلاميذ الحلقة الإعدادية. مجلة العلوم التربوية، العدد 3، ج2.

13. السيد and أحمد رجب محمد, 2020. فاعلية برنامج إرشادي لأمهات الأطفال ذوى الاعاقة الفكرية في خفض اضطراب قصور الانتباه والنشاط الحركي الزائد لدى هؤلاء الأطفال. مجلة الإرشاد النفسي, 61(61), pp.231-288.

14. Family Counseling: تعريفه، أهدافه، أهميته، مراحله، أنواعه ونظرياته (2023) أكاديمية الشرق الأوسط للتدريب والتطوير :Available at . https://www.meatddwarat.com/2023/06/Family-Counseling.html (Accessed: 2 August 2025).

15. سهام درويش ابو عيطة and هنادي علي أحمد النعيمات, 2019. فاعلية برنامج إرشاد جمعي أسري وفق النظرية البنيوية لمينشين في المهارات الوالدية والتكيف الأسري الوالدي لدى الأسر البديلة. Journal of Educational & Psychological Studies/Magallat Al-Dirasat Al-Tarbawiyyat Wa-Al-Bafsiyyat, 13(3).
العتيبي و ابتسام, 2019. تفعيل الشراكة الأسرية في مدارس التعليم العام بالمملكة العربية السعودية في ضوء نموذج ابيشتاين للشراكة المجتمعية. مجلة البحث العلمى فى التربية, 20(الجزء الأول), pp.1-44.

16. American Psychiatric Association. (1994). Diagnostic and statistical manual of mental disorders (4th ed.). Washington, DC: American Psychiatric Association.

17. American Psychiatric Association. (2022). Diagnostic and statistical manual of mental disorders (5th ed., text rev.). Washington, DC: American Psychiatric Publishing.

18. Nussenbaum, K. and Hartley, C.A., 2024. Understanding the development of reward learning through the lens of meta-learning. Nature Reviews Psychology, 3(6), pp.424-438.

19. Abín, A., Pasarín-Lavín, T., Areces, D., Rodríguez, C. and Núñez, J.C., 2024. The Emotional Impact of Family Involvement during Homework in Children with Neurodevelopmental Disorders: A Systematic Review. Children, 11(6), p.713.

20. Colapinto, J., 2014. Structural family therapy. In Handbook of family therapy (pp. 417-443). Routledge.

21. Baroncelli, A., Iacopino, M., Facci, C., Tomberli, L. and Ciucci, E., 2024. The boundaries between personal life and professional role: A proposal to apply some principles of the Structural Family Therapy by Salvador Minuchin to teachers. Journal of Education for Teaching, 50(1), pp.33-44.

Aran Journal (Volume-1, issue-2), 2025

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Languages and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-31

# The Effect of a Family Counseling Program on Parenting Skills among Parents of Children with Learning Disabilities

(Extracted from MA Thesis)

**Swara Faiq Hama Amin, Nazanin Osman Mohammed**

Special Education, College of Primary Educationlege, Sulaiman University, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **August, 2025** |
|---|---|
| Accepted | **September, 2025** |
| Published: | |

**Keywords**

**guidance, family guidance, parenting skills, concept of learning difficulties.**

**Corresponding Author**

Swarafayaq9@gmail.com
nazaneen.mohammed@univsul.edu.iq

## Abstract:

The aim of this research is to determine the impact of a family guidance program on parenting competency among parents of children with learning difficulties. The scope of this research is limited to primary schools under the Eastern Education Directorate in Sulaymaniyah city for the academic year (2024-2025). The research community consists of fathers and mothers of students who have learning difficulties in grades (4-5-6), comprising (15) fathers and mothers. The research sample was purposively selected according to a quasi-experimental design used to achieve the objective of this research. To fulfill the aim of this research, the researcher prepared a parenting competency scale consisting of (72) items distributed across seven domains: communication with children, parents' abilities in behavior management and setting laws, rules, and boundaries, problem-solving abilities, social interaction skills, educational guidance, emotional and psychological caring supervision competency, and diversity and partnership. The validity of the scale was (87%) and the reliability coefficient for the scale using Cronbach's Alpha was (0.86). The researcher prepared a family guidance program based on Minuchin's structural theory. The statistical tools used for data analysis in the research to determine the program's effectiveness was the Wilcoxon Signed-Rank Test. The research results showed that the family guidance program has a positive impact on developing parenting competencies among parents of children with learning difficulties. Based on the results, the researcher presented a set of recommendations and suggestions.